# ئیسلامی سیاسی و کاریزما

نوسینی: تەها سلێمان
Tahasleman17@yahoo.com



***پێشبار:***

**ئەگەربمانەوێ بەدیدێکی بابەتیانە دیاردەی تەشەنەی ئیسلامی سیاسی و رۆڵی لەدروستکردنی سەرکردەی کاریزمایی ئاینی یان رووتتر سیاسی هەڵسەنگێنین و بەرخوردێکی بابەتیانەی بۆ بکەین، لانی کەم دەبێ بەسەر سەرچاوە گەلێکی پێویستی تایبەت بە خۆیاند بچینەوەو راڤەی پێویستیان بۆ بکەین. یان بەمانایەکی تر دەتوانین بپرسین کامانانەن ئەو فاکتەر گەلانەی کەرۆڵیان لە دروستبوونی سەرکردەی کاریزمایی لە ناو بزووتنەوە ئیسلامیە کاندا هەیە و بوون بە پاشخانی بەر هەم هێنانی ئەو جۆرە سەر کردانە. دەتوانین بپرسین ئایا قەیران گەلەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستەکانی (فیکری ، سیاسی، ئابووری ، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی) و هتد فاکتەر گەلی درووستبوونی ئەو جۆرە سەرکردانەن؟ یان بە پێچەوانەوە فاکتەر گەلی تری شاراوەو ناشاراوەی تر هەن لە پشت درووستبوونی ئەو جۆرە سەرکردە کاریزماییانەوە؟ ئێمە نامانەوێ لێرەدا هەمووشتێ بێژین بەڵکو هێندە هەیە دەتوانین لە چەن تەوەرێکدا ئەم باسە بخەینە بەردەم خوێندنەوەو شیکردنەوە و قسەیەك لە هۆکار گەلەکانی دروستبوونی ئەو جۆرە سەرکردە کاریزماییانە لە ناو کۆی بزووتنەوە یان تەشەنە سەندنی ئیسلامی سیاسید بکەین و دەرگایەك بۆ گفت و گۆ بکەینەوە ، یان بەمانایەکی ترکارکردن لەسەر نموونەی سەرکردەی کاریزمی نێو حزب و رێکخراوە ئیسلامیەکان تۆزێك ئاسان نیە و بە پێچەوانەوە ماندووبوون و ئەزییەتی زیاتری دەوێ. من دەخوازم لەسەرنج و وردبوونەوەکانمدا مەبەستەکەم بپێکم و بتوانم دوور نەکەومەوە لە بابەتی بوون و میتۆدی زانستیانەی نوسین.**

*(1)*

***ئەوەی هەیە و وتراوەو بەرهەم هاتوەسەبارەت بەکاریزما یان سەرکردەی کاریزما یاخود دەوڵەت و حزبی کاریزما، لەلایەك وتنێکی فرە رەهەند و لەهەمانکاتدا گفت و گۆی چڕو بابەتی لەسەرە . کەواتە ناتوانین یەك پێناسەی گشتگیر بۆ ئەم دیاردەیە دروست بکەین یان***

بەنموونە بێنینەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە دەکارێ بەسەر پێناسەگەلێکدا بکەوین و بە ورد بوونەوە لەو پێناسە گەلانە.دەتونین بێژین کارێزما یان دەوڵەتی کارێزمی یەکێکە لە خەسڵەت و تایبەت مەندییە ترسناکەکانی دنیایی کۆن و نوێ، یانی تاك وسەرکردەی کارێزمی یان حزب و دەوڵەتی کارێزمی هەموو کاتێ لە هەڵپەی ئەوەدایە بابەت گەلەکانی دەورو بەری(تەقدیس) پیرۆزبکاو خۆی بکاتە سەرچاوەی هەموو بڕیارو هەموو جێبەجێکردنێك. بەواتایەکی تر تاك و سەرکردەو حزب و حکومەت و دەسلاّتی کارێزمی لەدەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی و دەسلاّتی خۆی نرخ بۆ کەسی تر داناناو نابێ هیچ شتێ لە دەرەوەی سنوری چاودێری و کۆنترۆڵی ئەوەوە تێپەڕبێ. هەندێ جار تاك وسەرکردەو حزب و حکومەت و دەسلاّتی کارێزمی ئامرازی جۆراو جۆر بە کار دەبەن بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆیان و تاکی کارێزمی نەتەوەیی (ناسیونالیستی)جیاوازە لە تاکی کارێزمی (ئیسلامی) و حزبی کارێزمی نەتەوەیی جیاوازە لە حزبی کارێزمی ئیسلامی و حزبی کارێزمی سۆسیالیستی لەهەردوو ئەو نموونەی پێشتر جیاوازە، وەك چۆن دەوڵەتی کارێزمی ئیسلامی جیاوازە لە گەڵ دەوڵەتی کارێزمی ناسیونالیستی و دەوڵەتی کارێزمی سەرمایەداری جیاوازە لەگەڵ دەوڵەتی کارێزمی سۆسیلیستی و هتد . مادام ئێمە باسەکەمان گشتگیر(شمولی)نیە لەسەر تاك یان سەرکدەی کارێزما یان دەوڵەتی کارێزمی بەواتا فراوانەکەی و تایبەتە بەبوونی سەرکردەی کارێزما و حزب و گروپ و ڕێکخراوی کارێزمایی ئیسلامی دەتوانین لە گۆشەنیگای بینینی گۆمەڵگای کۆن و هاوچەرخی ئیسلامییەوە کە کەکەرەستە و سەرچاوەی پلە یەکی بەرهەم هانینی ئەو سەرکردە کارێزماییە و حزب و ڕێکخراوو گروپە کارێزماییەکانیانە بچینە نێو قسە کردن لەو پێناسە سەرەتاییەوە. چونکە ئەگەر یەکێك لەسەرچاوەو کەرەستە بنەڕەتیەکانی درووستبوونی سەرکردەی کارێزمایی بیری بنەوانخوازی(ئسوڵی) بەشێوەیەکی گشتی قەیرانە فەلسەفی و فیکری و سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی ورۆشبیرییەکانی کۆمەڵگا وپێکهاتە جوگرافی و سروشتی و ئاینی و مەزهەبی و هتد بێ، ئەوا کۆمەڵگای ئیسلامی بەگشتی و کۆمەڵگای عەرەبی بەشێوەیەکی تایبەت بە هەردوو ئاراستەکە یان هەردوو دیوەکەدا زەمینەیەکی لەبارن بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە سەرکردە کارێزماییە. کەواتە بۆ ئێمە زۆر گرنگە دنیابینیمان بۆ ناسینی گۆمەڵگا و سروشتی کۆمەڵگا لەلایەك و ڕۆڵی ئاین لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا و کاریگەری قەیرانە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگا و دروست بوونی تاکی ناتەندروست لە ئاکامی ئەو کاریگەرییە و ڕۆڵی ئەم هاو کێشەیە لە خەملاّندنی

زەمینەی لەبار بۆ دروستبوونی سەرکردەی کارێزمایی یان حزب و ڕێکخراوی کارێزمایی یان دەوڵەت و دەسلاَتی کارێزمایی ، دنیا بینیەکی بابەتیانە و لۆژیکی بێت نەك بە پێچەوانەوە. چونکە بینین و پێچەوانە خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی گرنگی گەیشتن بە ئەنجامی تەندرووست لەدەست دەداو لەبابەتی بوون دوورمان دەخاتەوە. یان لایەنی کەم نامانگەیەنێتە ئەو ئاستەی دروست دنیابینی خۆمان بنیاد بنەین.

(2)

ڕوونتر تاکی بنەوانخوازو تاکی کارێزمی یان حزب و ڕێکخراوی بنەوانخواز و کارێزمی و حکومەت و دەسلاَتی کارێزمی ئیسلامی لەڕێگای بەیعەتەوە بە خوا بەڵێنی بەرفرمانبوونی ڕەها بە سەرکردەو حزب و ڕێکخراوو گرووپ و حکومەت ودەسلاَتی کارێزمایی دەدەن، وەك چۆن بەپێچەوانەی ئەمە بۆ سەرکردەیەکی ناسیونالیستی یان هەر سەرکردەیەك لە هەر بوارێکدا یان هەر حزب و ڕێکخراوێك بێت ئەو بەڵێنە لە ڕێگای خۆ سەپاندن یان خۆ بەدڵسۆززان یان بەهەر شێوازێکی تربێت متمانەی تاکەکانی دەورو بەری وەر دەگرێ و دواتریش لە ناو بۆتەی هەوڵەکانی بە کارێزمابوونیدا بەردەوام لەهەوڵی تواندنەوەیاندایە. کەواتە سرووشتی سەرکردەی کارێزمایی یان حزب و ڕێکخراوی کارێزمی پێش هەموو شتێ سروشتێکی خۆکردانەو تاك ڕەهەندییە بەرلەوەی سروشتێکی کۆگەلی بێت بەلاَم بەدیوەکەی تردا هەوڵی تاك بۆ دروستبوونی کارێزماو دەرکەوتن وەك سەرکردەیەکی کارێزمایی یاخود دەوڵەتێکی کارێزمایی کۆیەك لە لە ناو حزب و ڕێکخراو و دەوڵەت دروست دەبێ بۆ پاراستنی ڕێ و شوێنەکانی مانەوەو بەرفراوانکردنەوەی پێگەی سەرکردەی کارێزمی یاخود دەوڵەتی کارێزمی. ڕوونتر دواتر ئەم خودپەرستیە و ئاکامەکەی لە ڕێگای کۆمەڵە یان ڕێکخراو یان حزبێکەوە بەسەر کۆی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵەو حزب و ڕێکخراوەدا تەوزیف دەکرێ و خودی ڕێکخراو یان کۆمەڵە یاخود حزب دەبنە سێبەر بۆ پاراستن و تەقدیسکردنی سەرکردەو سەرکردەش ڕۆڵی کارێزماییانەی خۆی لە نێویاندا یاری دەکا و لەخاڵی کۆتایشدا حزب یان ڕێکخراو یان گرووپ و کۆی ئەندام و لاینگیرەکانیان دەبنە ئامرازی تواندنەوەی کۆمەڵگا بەکۆی پێکهاتەکانییەوە لە پرۆژەی کارێزمیانەی سەرکردەدا و حکومەت و دەسلاَتی حکومەتیش دەبنە بەشێك لە ستراکچەرە بنەڕەتیەکانی ئەو سرووتە کارێزمییە.

لەناو بزووتنەوە سیاسیە ئیسلامیەکاندا ئەم تایبەت مەندییە بەڕوونی دەردەکەوێ و دەتوانرێ ئەم نموونانەی خوارە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەیی سەرەوە وەك بەڵگەی ساغکراوە بهێنرێتە پێش چاو (**حەسەن بەنا**، **ئایەتوڵا ئەلسەدر**، **ئیمام موسا ئەلسەدر**، **شوکری موستەفا**، **ساڵەح سریە**، **جوهەیمان ئەل عوتەیبی**، **عومەر ئەل تەلیسمانی**، **شێخ خالید حەسەن**، **نەبیە بەری**).لەناو بزووتنەوەو حزب و گروپ و ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا چەندە بزووتنەوەکە تازەو نوێ بێ، دۆخ بۆ سەرکردەی کارێزمایی لەبارترە بۆ گێڕان یاخود یاری کردنی ڕۆڵی خۆی و سەپاندنی هەژموونی خۆی. یان ڕوونتر پێویستە بۆ لێك گرێدانەوەو کاراکردنی سەرکردەیەکی کارێزمایی سەرکردایەتی بکا و بیبا بەڕێوە. لەزۆربەی کاتیشدا ئەم جۆرە سەرکردە کارێزماییانە ناوو ناو نیشان و پلە و دەسلأتی جۆراو جۆر بۆ خۆیان دیاری دەکەن و بەبالأی خۆیانیدا دەبڕن ، وەك (**مورشد**، **ئیمام**، **ئەمیر**)و هتد ئەگەر بمانەوێ ڕونتر بچینە ناو ناوەخنی ئەم لایەنەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ناسینی ستراکچەری بناوانخوازانەی کەسایەتی کارێزمایی و پێگە بنە ڕەتیەکانی، چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ ناسینی ئەو ستراکچەرە (فەلسەفی و فیکری و سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ئاینیە)، دروست ناتوانرێ دیدێکی بابەتیانە یان مەعریفەیەکی لەش ساغ لەم بوارە بەرهەم بێنین و ببێتە شرۆڤەیەکی تەندروستی بەردەست. بێجگە لەوەی ئاین بۆ خۆی ڕۆڵی بنەڕەتی لە پێگەیاندنی کەسایەتی کارێزمایی هەیە و بەردەوام تەغزییەیی دەکا، لەهەمان کاتدا (ڕێکخراو، حزب،کۆمەڵ، دەستە، گروپ) ڕۆڵی بنەڕەتیتر دەگێڕێ لە دەرخستن یان ناساندنی کەسایەتی کارێزمایی و بەرجەستە کردنی لە ناو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا و لە هەمان کاتیشدا خودی کۆمەڵ و چین و توێژەکانی ڕۆڵێکی لێنەبڕاوانە دەبینن لە بەردەوامی دان بە دەسلأتی کەسایەتی کارێزمایی و تەقدیسکردنی بە پلەی جیاجیا، باگراوەندی ئەم شەرعیەت پێدانەی کەسایەتی یان سەرکردەی کارێزمایی لە سەرجەم ئاستەکانی وەك(ئاینی و کۆڕو کۆمەڵ و حزب و ڕێکخراوو کۆمەڵگا و چین و توێژکانی کۆمەڵگا)، تێکڕا دەچنە چوار چیوەی خەساندنی تاکی کۆمەڵگا و تەریکردنەوەی لەهەر بیرکردنەوەو تێفکرینێك لەسەر جەم بابەت گەلە فیکری و سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی و ئاینییەکان کە ناکرێ مرۆڤ لە ئاستیاندا قسەی نەبێ. وەك ئاسۆ جەباری نوسەرو ڕووناکبیر دەڵێ( بێگومان ئاینێك نیە لە دنیادا نەریتێکی ئەخلاقی دیاری کراوی خۆی نەبێت،

فەلسەفەیەك نیە لەدنیادا بەرهەمهێنی ئەخلاقیاتێكی نوێی خۆی نەبێت) ئیسلامیەكان هەمیشەو بەردەوام پابەندی نەریتی ئاینی و مەزهەبی و ئەخلاقیاتی دیاری كراوی خۆیانن و هەرئەوەش سەرچاوەی بەرهەم هێنانی گوتاریانە، گوتاری ئیسلامییەكان بە هەموو لێكدانەوەیەكی زانستی و مەنهەجی نەفی بەرامبەر دەكاتەوەو نایەوێ سیجالی لەگەڵ بكا، قبوڵ نەكردنی سیجالی ئەوی ئیسلامی لەگەڵ بەرامبەردا، هیچی ترنیە جگە لە بنەما و ستراكچەری كارێزماییانە و قبوڵنەكردنی كەسی تر لە دەرەوەی سنوری بیركردنەوەی خۆی، كەئەمەش دیارترین نیشانەیەكە بۆ كۆمەڵگایەكی داخراو و خەساندنی بە هەموو مانا فەلسەفی و فیكری و سیاسی و رۆشنبیری و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكان و هتد

(3)

وێنەی كەسایەتی كارێزمایی و فەندەمانتالیزم(بنەوانخواز) هەمیشە و بەگشتی ئاماژەیەكی روونن بۆ رابوردوویی‌یەك لەگۆشە گیر خوازی، رابوردووخوازی بەو مانایەیی هەمیشە سەركردە گەلێك یان ئەو سەركردە گەل و بزووتنەوە گەل و حزب و رێكخراو گەلانەی كە لە واقیعی حاڵی كۆمەڵگادا ناژین و دەیانەوێ لەبری پێشكەوتن و گەشتن بە دنیایی مۆدێرنی مەدەنی و دیموكراسی رابوردوو دووبارە بكەنەوە لە ئەزمونی فەلسەفە و فیكر و سیاسەت و هتدچونكە ئەوەی ئەو دەیەوێ بێ پەیوەستبوون بە رابووردوو مانایەك بۆنی نامێنێتەوە و بەڵكو سەرەتای دەركەوتنی مەحكومە فەشەل و سەرنەكەوتنی پرۆژەكەی. ئەوان بەردەوام لەسەر كایەیەك ئیش دەكەن (فەلسەفەیەكی داخراو كاری تیابكا، فیكرێكی داخراو كاری تیابكا،سیاسەتێكی داخراو كاری تیا بكا، حزبێكی دیاری كراو كاری تیابكا، ئاینێكی دیاری كراو بزوێنەری ئەو كارپێكردنە بێت نەك بەپێچەوانەوە). هەر ئەم پانتایەشە ئەوان دەگەیەنێتە ترۆپك و ئیتر لەوێشەوە چۆن بیانەوێ گەمە جۆراو جۆرەكانی خۆیان دەن و قاڵب بۆ هەموو بیركردنەوەو تێفكرینێك دادەتاشن، هەروەها لەوێشەوە تەقدیسكردنی سەركردە یان حزب و رێكخراوەكانیان دەكەنە پرد بۆ ئەو گەڕانەوە نابابەتی و نالۆژیكی و نامەنهەجیە. بە دیدێكی تر ئەوان بەردەوام بێزاری و رەشبینی خۆیان لە كۆمەڵگا، گرێ دەدەن بە قەیرانەكانی كۆمەڵگا و توانەوەی كەسایەتیشیان لە پانتایی بیركردنەوەی كارێزمایانەدا دەكەنە دەرەچە(مخرج) بەو مەبەست و ئاراستەیە كە كۆمەڵگا قووتار بكەن یان بەم شێوەیە دەیانەوێ كۆمەڵگا بۆ چاخەكانی دواوەی دوا بگێڕنەوەو لەوێشەوە بەر بە ئاراستەی

پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگا بگرن. ئەوان (ئیسلامیەکان) پێیان وایە بەبێ بوونی سەرکردەیەکی بنەوانخوازو کارێزمی ناتوانرێ کۆمەڵگا لە گرفت و کێشە گەل و بنەڕەتیەکانی ڕزگار بکرێ ، وردترو بابەتی تر ئیسلامیەکان وای دەبینن تاك و کۆی چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەبێ بوونی سەرکردەیەکی کارێزمی دینی – سیاسی ناتوانن کۆمەڵگا ببەنەرێوەو بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە دەرگیری قەیران و ئاڵۆزی هەمەچەشنن. بۆیە سەرەتای دروستبون وکارکردن دروستکردنی یان درووستبوونی سەرکردەی کارێزمییە، لەبیری سەرکردەی بنەوانخوازو کارێزمی ئیسلامیدا پانتاییەك نیە بۆ بیرکردنەوە یان بۆ ڕوانین و بەرخورد کردنی دیاردەکانی کۆمەڵگا، بەقەد ئەوەی ئەوان بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکەن بیری بنەوانخوازانەیان وەك بیرێکی مۆدێرنی ئاینی بخەنە ڕوو یان وای پێشان بدەن کە وەرگرتنەوەی دەسلاْتی لە دەسچوویان لە ڕێگای بنەوانخوازێتی و بە کارێزمی بوونی سەرکردەکانیانەوە دێتەوە بەرهەم. بەلاْم دیارە ئەوان بەر لەوەی وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی دەربکەون بەپێچەوانەوە وەك کەسایەتی ئاینی دەردەکەون و ئاینیش پردی نێوان ئەوان و چین و توێیەکانی کۆمەڵە بۆ لێك گرێدانەوەیان، وەکی تر ئاین ئەو کەرەستە زیندوەیە بۆ ئەوان تابتوانن بەکاری ببەن و گووتاری خۆیانی لەسەر بنیات بنێن. دواتریش لە دەستە یان کۆمەڵە یان ڕێکخراوێکی بچوك دەست پێدەکەن و تەشەنە دەکەن و بەرە بەرە کار بۆ خۆسەپاندن دەکەن. کۆمەڵەی (ئیخوان ) کە ئێستە لە زۆربەی زۆری ولاْتە عەرەبی و ئیسلامی و تەنانەت غەیرە ئیسلامیەکانیشدا لق و ڕێکخراوی تایبەتی خۆی هەیە ، دەتوانرێ وەك نموونەیەکی زیندووی دنیا بینی سەرکردەی بنەوانخوازو درێژ بوونەوەی کەسایەتی کارێزمایی (**شێخ حەسەن ئەلبەنا**)یەکەمین سەرۆکی کۆمەڵەکە دابنرێ، چونکە خودی ڕێکخراوەکە ڕەنگدانەوەی بیری بنوان خوازانەو هەوڵدانی (بەنا) بۆ بوون بە سەرکردەیەکی کارێزمایی لە ڕێگای کۆمەڵەکەیەوە. بێگومان (بەنا)تاڕادەیەك زیرەکانە پانتایی ململانێکانی گۆڕەپانی ئەو کاتی میسری قواستوەتەوەو کاری لەسەر کردوون ، دەنا نەیدەتوانی وەك سەرکردەیەکی کارێزمایی لە کۆمەڵی (ئیخوان موسلمین) دەربکەوێ و لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵەکەی بتوانێ پەل و پۆی بەرفراوان بۆ دەرەوەی میسر و تەنانەت دەرەوەی جیهانی عەرەب و ئیسلامیش بهاوێ. وەك دەی بینین (ئیخوان) لەماوەیەکی کەمدا پەل و پۆی لە ڕێگای سەرکردەیەکی کارێزمایی وەك (بەنا) و ئەوانەی دوای (بەنا)شەوە دەگاتە زۆر شوین و جێگا کە ڕەنگە لە بڕوای خوودی خۆیشیدا نەبێ وەك( **عێراق**، **سووریا**، **لوبنان**،

**سوودان، سوعودیه، ئەردەن، تونس، جەزایر، مەغریب، کوێت، کەنداو، یەمەن، بەحرێن، ئەمریکا، ئسرائیل، ئەڵمانیاوهتد**)، ئەمە جگە لە دەیان کۆمەڵەی جۆراو جۆری تری ئیسلامی کە هەر یەك بە جۆرو شێوەیەك کاربۆبنەوانخوازێتی و کارێزمایبونی سەرکردەکانیان دەکەن و بیر لە شوین و ڕێگای تەشەنە کردنی پرۆسەی تەقدیسکردن و بە کارێزمایکردنی سەرکردەو بزوتنەوە یان حزب و ڕێکخراوەکانبان دەکەنەوە. باپێکەوە سەرنج بدەینە ئەم وتەیەیی (بەنا)وەك سەرکردەیەکی بنەوانخوازو کارێزمی( **ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی پێك نەهێنرا ، هەموو موسڵمانان گوناهبارن و بەرپرسیارن لەبەردەم خوای گەورەو خاوەن توانادا سەبارەت بە کەم تەرخەمییان لە پێکهێنان و دامەزراندنیدا**)تەماشا (بەنا) چۆنی دەیەوێ لەڕێگای ئاین و ترساندنی تاکەکانی کۆمەڵگا بەڕێگای( خوا) ناوەڕۆکی کەسایەتی کارێزماییانەی خۆی بسەپێنێ و دەیەوێ بێژێ ئەگەر ئەو قسە و ڕێو شوێنانەی من بە ڕێنوێنوێنی خوا بۆتانی دادەنێم ڕایی نەکەن ئەوە بەرپرسیار دەبن، بەبینینێکی تر ئەم سەرکردە فەندەماتالیزم و کارێزمییە دەیەوێ لەڕێگای ئاین و خواوە هەژموونی خۆی بسەپێنێ و بێژێ ئەگەر من وەك سروتێکی ئاینی و سەرکردەیەکی ئاینی نەپەرستن و پەیامەکانم جێبە جێ نەکەن ئەوا لەبەردەم پەروەردگارا بەرپرسیار دەبن، ئەمە ئیتر گومان لەبەردەم کارێزمی بوونی (بەنا) و کۆمەڵەکەیی و بانگەوازەکەیی و هاو شێوەکانیدا ناهێڵێتەوە. بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر سەرنج بدە ئەم پەیامەی (بەنا) و ورد ببەوە(**هەرکاتێك ئێوە ئەی کۆمەڵی برایان، توانیتان سێسەد گروپی جەنگیتان ئامادەکرد، ئەوکاتە داوا لە من بکەن پێشتان بکەوم و بە ناو گێژاوی دەریا و قوڵایی ئاسماندا و هەرچی مرۆڤی سەر کەش هەن مل کەچی بکەم و پشت بە خوا ئەو کارەش ئەنجام دەدەم**). هیچی تر نا تەنها ئەم ڕوانینە بەسە بۆ ئەوەی لە بنەمای هەوڵدان بۆ بە کارێزمی بوونی (بەنا) و تەقدیسکردنی بگەین.

حزب و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان شێوەیەك لە پیرۆزی بەباڵای سەرکردەکانی حزبەکانیاندا ببرن و وای لە ئەندام و لانگیرەکانی خۆیان بگەیەنن کە قسەکردن لە گووتارو بیرکردنەوەی ئەو سەرکردانەیان جۆرێك لە رێ لادانە یان پشتکردنە لە شەرع و قورعانی خواو ئەو سرووتە ئاینیانەی کەناکرێ بە هیچ شێوەیەك قسەیەیان لەسەر بکرێ و بەڵکو قسەکردن لێیان گومڕابوون و بێدینی نواندنە، بەپێچەوانەوە لە بری قسەکردن لە گووتارو بیرکردنەوەی ئەوان، هەوڵدان بۆ تەوزیفکردنی گووتارو بیرکردنەوەی ئەو سەرکردانە گرنگ و جێی بایەخە و هەموو کۆششێك دەبێ ئەم ئاراستەیە بگرێتە بەر. ئەوان ئیسلامییەکان لە ڕێگای سەرکردەکانیانەوە هەموو ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی دەرەوەی ئیسلام نەفی دەکەنەوەو تەنانەت ڕاڤە و لێکدانەوە لە ناو خودی حزب و ڕێکخراوو گروپ و دەستەکانی خۆشیاندا قەتیس دەکەن و بچوکی دەکەنەوە بۆ چەند کەسێکی کەم یان زۆربەی کات تەنها کەسێك کەپێشتر کار بۆ پیرۆزکردن و کارێزمی بوونی کراوە، ئەمە زۆر جار پێچەوانەی خودی بیرکردنەوەو پەیامی ئیسلامییەکان خۆشیانە چونکە کاتێ ئەوان دەڵێن کەس بۆی نیە لەدەرەوەی شەرعی خواوو قورعانەکەی شیکارکاری بکا و یاسا و رێ وشوێن بۆ ڕاییکردنی کارو بارەکانی کۆمەڵگا دابنا و هەرکارێکی لەو جۆرە کوفرە و دەبێ ئەنجام دەرانی سزای خۆیان وەر بگرن، کەچی هەرخۆشیان بە پاساوی جۆراو جۆری خۆ بەئیسلامزانیان و بە پشت بەستن بە ئیجتهادی خۆیان ئەو کارە دەکەن و ئەنجامی دەدەن، یانی لەناو خودی خۆشیاندا لە ئاراستە و ململانێیەك زیاتر هەیە و هەندێ جاریش بۆ وەڵامدانەوەی یەکتر پەنا دەبەنەر تیرۆری یەکتر. وردتر ئەوان لەو ڕاستیەش گەشتوون لەکاتی کۆنترۆڵکردنی پانتایی ڕێکخراوەکانیان لە ڕێگای گووتارو بیرکردنەوەی سەرکردەکانیانەوە ، دەتوانن باشترو کاراپانەتر سرووتە پیرۆز کراوو ستراکتۆرە کارێزماییەکانی ڕێکخراوەو حزب و ئەمیرو مورشد و ڕێبەرەکانیان بگوێزنەوە بۆ ناو گۆمەڵگا و کار بۆ تەوزیفکردنەوەی لە پانتاییەکی فراوانتر لە سنوری ڕێکخراو یان حزبەکانیاندا بکەن. یانی بیرۆکەی بنەوانخوازێتی و فراوانکردنەوەی پێگەی تاك و سەرکردەی کارێزمی لای ئیسلامیەکان تەنها خەیاڵێکی پووچ نیە و بەس، بەڵکو ئەوە پڕۆژەیەکە و بەردەوام کار بۆ تەحقیقکردنی دەکەن. بە بینینێکی تر ئیسلامیەکان لە پێناوی گەشتن بەو ئامانجە ئامادەی قووربانی دانی جۆراو جۆرن، و جۆرەها شێوازی

*ترسهێنەرو ترسبەر دەگرنەبەربۆی ، بەڵام دەبێ بزانین ئەو قوربانی دانە تێگەیشتنێکی زانستیانەی لە پشتەوە نیە بە قەد ئەوەی پەرستنێکی دۆگمایانەی دوور لە هەر پێوەرێکی مەعریفی یاری پێدەکا و دەیبزوێنێ.*

***(5)***

*دەتوانین لێرەدا هەندێ پرسیاری بنەڕەتی بکەین وەك: تێگەیشتن بۆ دەسڵات لەواقیعی بەرنامەی کاری ئیسلامیەکاندا چیە و دنیابینیان بۆ تەوزیفکردنی کامەیە؟ کامانەن ئەو تایبەت مەندییانەی ئیسلامیە بنەوانخوازو کارێزمییەکان لە دەرەوەی خۆیان جیا دەکەنەوە چین؟ شوناسی دەسڵات لای ئەوان چیە و پنتەکانی پێکهێنانی لای ئیسلامیەکان چۆنی پێك دێ؟ ئایا گرتنە دەستی دەسڵات لای ئیسلامیەکان بە ڕێگای مل ملانێی سروشتی و مەدەنیانە و دیموکراسیانەیە یان بە پێچەوانەوە؟ ئەمانە و زۆر پرسیارو پرسی تری تایبەت بەم مەسەلەیە قابیلی ئەوەن هەڵوەستە لەسەر کردنن و ناکرێ نامەنهەجیانە و دوور لە بەرپرسیارێتی بەسەرماندا تێپەڕبن. ئەگەر دەسڵات لە لای ئیسلامیە بنەوانخوازو کارێزمی و توندڕەوەکان لە ڕوانگەی(* ***حەسەن بەنا و سەید قوتب و، ئایەتوڵا ئەلسەدر، ئیمام موسا ئەلسەدر، شوکری موستەفا، ساڵەح سریە، جوهەیمان ئەل عوتەیبی، عومەر ئەل تەلیسمانی، شێخ خالید حەسەن، نەبیە بەری)*** *وە شرۆڤە بکەین و بمانەوێ خوێندنەوەیەکی زانستیانەی بەباڵا ببڕین، دەگەینە ئەو ئاکامەی تێگەیشتنی ئەوان بۆ دەسڵات تێگەیشتنێکی ناتەندروستە و لە هەمانکاتدا کۆی تێگەیشتنە تەندروستەکان نەفی دەکاتەوە. بۆ نموونە کاتێ کە (بەنا)دەڵێ(* ***ئەم پارتانەی ئێستای میسر دەستکردن زیاد لەوەی ڕاستە قینە بن، فاکتەری بونیشیان شەخسیە زیاد لەوەی نشتیمانی بێت، ئەو کردەوەو ڕووداوانەش ئەم پارتانە هێنایانەتە ئاراوە کۆتایی پێهاتوە بۆیە پێویستە ئەم سیستەمە بەکۆتایی هاتنینیان تەواو بێت)*** *یان لە جێگەیەکی تر دەڵێ(* ***ئێمە تاکی موسڵمان و ماڵی موسڵمان و گەلی موسڵمان و حکومەتی موسڵمانمان دەوێت)*** *هەروەك لە جێگایەکی تر چرتر دەڵێ(* ***ئیسلام شمشێرو قورئانە ئاین و دەوڵەتە)*** *یان سەید قوتب دەڵێ یان ئیسلام یان جاهلیەت و هتد ئەمە ئەو ڕاستیە حاشا*

هەڵنەگرەمان بیر دەخاتەوە یان دەخاتەوە بەر دەست، کەبیری بنەوانخوازو کارێزمی ئیسلامی سیاسی و خەونی گەڕانەوەو دامەزراندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی ستراکچەری بەرنامەی کاری ئەوانە، هەر ئەمەش وا دەکا لە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆیان کەسی تر قبووڵ نەکەن و بە پێچەوانەوە لە پێناوی باڵا دەستبوون هەموو دەنکێکی جیاواز بکوژن و نەفی بکەنەوە لە پێناوی گەشتن بە دەسڵات و تواندنەوەی هەموو کۆمەڵگا و جیاوازییە سروشتی و فەلسەفی و فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لە پانتایی بیری بنەوانخوازانە و کارێزمی بوونیاندا بە تۆبزی و لە ژێر جەبری تاك ڕەهەندیدا بچەپێنن. هەندێ جار ئەم ئاراستەیە بەپێی بارو دۆخ لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێ و سیما و ڕووخساری جۆراو جۆری بۆ دادەتاشن، ئەمەش ڕاستە و خۆ پەیوەندی واقیعی پێشکەوتنی فەلسەفی و فیکری و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو شوێنگە جوگرافییەوە هەیە کەکاری تیا دەکەن ، وەك چۆن بۆ هەر شوێنگەیەکی جوگرافی جۆرێك لە تاکتیك و بەرنامەو سیاسەتیان هەیە بەڵام وەك ستراتیژ ستراکتۆرێکی ڕیشەیی نەگۆڕییان بۆ تەحقیق کردنی پرۆژەکەیان هەیە .

لای ئیسلامیەکان تێڕوانین بۆ دەسڵات تێڕوانینێکی بنەوانخوازانەی وشك و برینگە و دوورە لە هەر ئاراستەیەکی قبوڵکردنی کەسی دووەم یان سێیەم، شوناسی دەسڵات لە دنیابینی ئەواندا شوناسێکی ئیسلامیانەیە و هیچی تر، بۆیە ئەگەر قسە بێتە سەر ئەوەی ئایا ئیسلامیەکان دەتوانن لە دنیای مۆدێرن بە تێگەیشتن و چەمکە زانستیە فیکرییە سیاسیەکەی بڕۆن، ئەوا بێگومان دەبێ بێژین نەخێر. ئەم نەخێرە بە مانای ئەو (نا)یە نیە بۆ قبوڵکردنی ئیسلامیەکان لە پرۆسەی کاری سیاسی و ئاڵوگۆڕی دەسڵات لە ڕێگای ململانێی هەڵبژاردنەوە چونکە ئەوە وەك هەرهێزێکی تری سیاسی مافی ئەوانیشە لەم یارییەدا بەشدار بن، بەڵام چی کاتێ ئەو کاتەی ئەوان کەسی دووەم و سێیەم و دەنگی جیاواز لە بەرامبەردا نەفی بکەنەوەو بخنکێنن یان ئەو کاتەی کە ئەوانیش وەك هەر هێزو ئاراستەیەکی تری سیاسی بەرامبەر قبووڵ بکەن؟ بەڵام ڕەچەڵەکی کێشەکە لەوەدایە ئەوان ئەگەر ئەوەش قبوڵ بکەن تەنها تاکتیکێکە و بەس، وەك هەموو دەزانین و بە چاوی خۆمان بینیمانە ئەزمونێکی زۆریان لەو بوارەدا هەیە.

---

**ئەو سەرچاوانەی بۆ نوسینی ئەم بابەتە سوودم لێبینیون:**

- بەناو ئیسلامەکان.......د. ڕەفعەد سەعید / و...حەسەن عەبدل کەریم..کتێب2004
- کۆمەڵگای داخراو.....نوسینی : ئاسۆ جبار2004
- پرسیاری گەوجەکان....نوسینی: شاکر ئەلنابلسی/ و: تەیب عارف ئەبو بکر 2006
- فەندە مەنتالیزمی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامیدا ...نوسینی: و: ئاسۆکەریم..هەولێر **2005**
-دەسلاّت و جیاوازی(کۆمەڵە ووتار) نوسینی : مەریوان وریا قانع 2001
- ئاین و دەوڵەت و پیادەکردنی شەریعەت نوسینی: د . مەحەمەد عابد جابری...و/ فواد سدیق 2006
- خالدسلێمان (فی ان حالنا شبیهة بدائرة فیینا)سایتی ( [www.iraqmimori.com](http://www.iraqmimori.com)
-شوان ئەحمەد(ئیسلامی سیاسی) 2004